# شانۆی کوردی لە هەندەران
# «تیپی شانۆی ئارارات.. ئەزموون و میتود و ئیستێتیکا»

د. فازڵ جاف
(سوید)

**شێوازی کارکردن و ستیلی نمایش**

بەرلەوەی (مەرگ و کچ) بۆ تیپی شانۆی ئارارات ئامادە بکەم، بەنیازبووم پاش نمایشی هەزار و یەک شەو، شانۆنامەی مەرگ و کچ بۆ شانۆی هێلسینبۆرگ پێشنیار بکەم کە لە داهاتوویەکی نزیکدا کاری لەسەر بکەم، بەتایبەتی کە یەکێک لە دراماتورگەکانی ئەو شانۆییە خۆی داوای لێ کردم، پاش ئەوەی بەڕێوەبەری شانۆکە داوای لێ کردم شانۆنامەیەک بۆ کاری داهاتووم لەوێ پێشنیار بکەم، ئەوەبوو لەو سەروبەندەدا ئەو دراماتورگە باسی شانۆنامەی مەرگ و کچی بۆ کردم، ئەو زۆر بە شانوباڵی شانۆنامەکەی هەڵدا، زۆر سەرسام بوو، گوتی مەرگ و کچ نموونەی شانۆنامەی بەهێزە، حەز دەکەم بیر لە دەرهێنانی بکەیتەوە، من هاوکارت دەبم، باسی لەوەش کرد کە لەلایەن ڕیژیسۆری پۆلۆنی (ڕۆلانسکی)یەوە کراوە بە فیلم، بەڵام ئەوەندەی نەبرد من بە کارێکی دیکەوە ئالام و نەپرژامە سەر ئەوەی بیخوێنمەوە، پاش ماوەیەک لە لەندەن تێکستی شانۆناکەم کڕی و خوێندمەوە، گەیشتمە ئەو باوەڕەی کە نمایشکردنی بە زمانی کوردی و بۆ کۆمەڵی کورد، گونجاوترە لەوەی بە سویدی نمایش بکرێت، ئەوەدەم کە سەرەتای ساڵانی دوو هەزار بوو، ئەم بابەتە تەواو لەگەڵ ئەوسای کوردستانی پاش ڕووخانی ڕژێمی بەغدا دەگونجا، بۆیە یەکسەر لە زمانی ئینگلیزییەوە دەستم بە وەرگێڕانی کرد.

دەمویست تێکستەکە بە زمانێکی ڕەوان و سادە و بێ گرێوگۆڵ بخەمە سەر زمانی کوردی، زمانێک کە بۆ ئەکتەر و بۆ بینەریش ڕوون و ئاسان بێت، سەبارەت بە پرۆسەی دراماتورگی و ئامادەکردنی تێکستەکە، لە چەند



**تەلار هیرانی لە ڕۆڵی پاولینا سالاس**

شوێنێکدا دەقەکەم کورت کردەوە، ئەمەشم دیسانەوە دژ بەخواستی خۆم کرد، چونکە باوەڕم وایە هیچ دەقێکی شانۆیی پتەو، بە دەگمەن نەبێ، کورتکردنەوە و قرتاندنی زۆر قبوول ناکات، بەڵام بینەری ئێمە، تارادەکیش زۆربەی ئەکتەرانی ئێمە، بەرگەی نمایشی دووروودرێژ ناگرن، بۆیە تا شانۆ لەلای ئێمە خۆی لەم دابونەریتە دەرباز دەکات، ناچارین بەم شێوازە ڕەفتار لەگەڵ تێکستی شانۆنامەکان بکەین، بەڵام خاڵێکی گرینگ لێرەدا دەبێت ڕەچاو بکرێت، ئەویش ئەوەیە ئەو دەستکارییانە، بەتایبەتی لابردنەکان، تا چەند کەمتر زیانبەخشن و نابنە هۆکارێک بۆ ڕووخاندن و داتەپینی بینای درامایی و گرێچنی شانۆنامەکە، تا چەند بیری سەرەکی شانۆنامەکە ناشێوێنن، تا چەند خیانەت لە نووسەر ناکەین؟ ئەم پرسیارانە گەلێک گرینگن، وابزانم بەپێی شارەزایی دراماتورگییانەی خۆم تا توانیبێتم هەوڵم داوە ئەم خاڵانە لەبەرچاو بگرم.

شێوازی کارکردنم لە (مەرگ و کچ)دا، بەتایبەتی لەگەڵ ئەکتەرەکان، وەک ئەزموونی یەکەم جارم بەو شێوازەی دەرهێنانە، پاشتر بوو بە بنەمایەک، یان هەرنەبێ ڕێگەخۆشکەرێک، بۆ کارکردنم لە ئاییندەیەکی نزیکدا لەسەر شانۆیی (یاری بە ئاگر)ی ستریندبێرگ بە زمانی رووسی لە شاری پیتەربورگ، پاشتریش بۆ کارکردنم لەسەر زریان و کۆچبەران لە کوردستاندا. لەم نمایشانەدا چەمکی جەستە و پلاستیکا و ئاماژە لە تێکستی ڕیالیستدا، بنەما و بنەڕەتی کاری ڕێژیسۆریم بوون. بەکورتی هەنگاوی یەکەمم، یان باشترە بڵێم ئەزموونی یەکەمم لە تاقیکردنەوەی ئەم چەمکە، لە (مەرگ و کچ)ەوە دەست پێ دەکات، ئەم ئەرکەش بۆ خۆم ئاسان نەبوو، نەخوازە بۆ ئەکتەرەکان.

بەکارهێنانی بنەماکانی بیومیکانیک لەجووڵە و ئاماژەی ئەکتەردا، لە دەقی ڕیالیستدا کارێکی دژوارە، بەتایبەتی بۆ ئەو ئەکتەرانەی کە ئاشنای ئەم میتود و تەکنیکە نین.

### ڕۆڵی پاولینا سالاس

لە (مەرگ و کچ) بۆ یەکەم جار لە تیپی شانۆی ئاراراتدا، خانمە ئەکتەرێک ڕۆڵی سەرەکی بینی، بەر لە مەرگ و کچ، لە نمایشەکانی تیپ، لەو نمایشانەدا نەبێت کە بۆ منداڵان بوو، لە هیچ یەکێک لە شانۆگەرییەکەماندا ئافرەت ڕۆڵی نەبوو، ئەم جارەیان نەک ئافرەت تەنیا یەکێک لە ڕۆڵەکانی دەبینی، بگرە ڕۆڵێکی سەرەکی فرەڕەهەند و بەرچاوی هەبوو، ئەویش ڕۆڵی پاولینا سالاس بوو کە یەکێکە لەو ڕۆڵە فرەڕەهەندانەی بۆ ئافرەت دارێژراون، زۆررۆیی نییە ئەگەر بڵێم دۆرفمان کەسایەتییەکی دەوڵەمەندی ناوازەی بۆ ئافرەت داهێناوە، یەکێک لەو ڕۆڵانەی کە هەموو ئەکتەرێکی باش ئاواتی نمایشکردنی هەیە.

هەر لە سەرەتاوە (تەلار هیرانی)م بۆ ڕۆڵی پاولینا دەستنیشان کردبوو، بۆچی و لەبەرچی (تەلار هیرانی)م بۆ ئەو ڕۆڵە پێ باش بوو؟ من پێشتر تەلارم لە سەر شانۆ نەبینیبوو، ئەوە نەبێت فیلمێکی خۆی بە ڤیدیۆ پیشاندام، وابزانم فیلمەکە نمایشێکی منداڵان بوو، هیچ بەرچاوڕوونییەکی ئەوتۆی دەربارەی توانایی تەلار، وەک ئەکتەر پێ نەدەبەخشیم، بەڵام ئەوەی بۆ من ڕوون و ئاشکرا بوو، جۆشوخرۆش و ئارەزووی بەتینی تەلار بوو بۆ کارکردن، بەتایبەتی وەک خۆی دەیگوت بۆ کارکردن لە تیپی ئارارات و بەرکەوتن لەگەڵ من وەک ڕێژیسۆر، بۆ ئەم مەبەستە تەلار بەدرێژایی سێ چوار ساڵ بەردەوام پێوەندی پێوە دەکردم، بەردەوام ئەوەی دووپات دەکردەوە

کە ئارەزوویەتی پێکەوە کـار بکەین، بەڵام بەداخـەوە، وەک پێشـتر گوتم بەرهەمەکانی ئارارات ڕۆڵی ئافرەتی تێدا نـەبوو، ئەمـەیش بەرێکەوت بەو جۆرە شکابووەوە، نەک بە مـەبەسـتێکی تایبـەت، دیارە سروشـتی ئەو شانۆنامانە و کارەکتەر و ستیلیان بەو شێوەیە بوو کە هەر بەجارێک ئافرەتیـان تێدا نەبێت، یان زۆر کـەم و بەشێوەیەکی لاوەکی بن، بۆ ڕاستیودروستی ئەم بۆچوونە فـەرمـوون خـوێندنەوەیەکی خێرای چەند شانۆنامـەیەکی مرۆژێک بکەین.

دەبێت بڵـێم کـەم کـەسم دیوە بە قـەد تەلار شـەیدای نواندن بێت، ئەوەبوو کە بۆ یەکەم جار (مەرگ و کچ)م خوێندەوە، بۆ ڕۆڵی پاولینا سالاس یەکسەر بیرم بۆ تەلار چوو، بێ ئەوەی ڕادەی توانایی و لێهـاتوویی ئەو بزانم، پێوەندیم پێـوە کـرد، لە سـەر نمایشکردنی ڕۆڵەکە ڕێک کەوتین، دیارە ڕۆڵەکە لە سەرەتادا بۆ تەلار ئاسان نەبوو، چونکە بەو شێوازە هونەرییەی من ئاشنا نەبوو، مەبەستم بەپلەی یەکەم کارکردنە لە ڕووی فیزیکییەوە، دووەمیان ئەوەبوو، ئەویش پاش دەرچوونی لە کـوردسـتـان، لە هەندەران ساڵانێکی زۆری بەسەربرد، بێ ئەوەی بتوانێت کـاری شـانۆیی بکات، ئەمـە بۆ ئەکـتـەر گـەلێک کـاردانەوەی خـراپی هەیە، تەلار خـۆیشی ئەم کـۆسپ و تەگـەرانەی لە چەند دیمانەیەکدا باس کـردووە، ئەکـتـەر وەک ژەنیاری ئامێری موزیک وایە، ئەگەر چەند ساڵێک بێ ڕاهێنان بەسـەر بەرێت، هەڵبـەتە بەشـێکی زۆری لێهاتوویی و کارامەیی و دەستڕەنگینی خۆی لە دەست دەدات، لەوانەشـە وا پێـویست بکات سـەرلەنوێ دەست پێ بکاتەوە، ئەم کێشەیە تاڕادەیەک تەلاری دەگرتەوە، بۆیە تەلار سەرەتا لە ڕووی جەستە و ئاماژەوە پێویستی بە چەند مـەشـقـێک بوو، بەڵام خـۆشبـەخـتـانە بەهۆی خواست و ئارەزووی بەتینییـەوە، لە ئاکـامـدا بە زەبری کـارکـردن و مـەشق و ڕاهێنانی بەردەوام، توانی بە سـەر ڕۆڵەکەدا زاڵ بێت، بە باشـترین شـێوەش بەرجەسـتـەی بکات.

هەرچی سەبارەت بە هەردوو ئەکتەر، مەریوان کەمال و عادل ئەحمەدە کە ڕۆڵی جیراڵدۆ و ڕۆبێرتۆیان دەبینی، هەردووکـیـان تاڕادەیەک لەگـەڵ مندا ئاشنای مـیـتـودی کارکردن بوون، هەرچەندە کاری ئەم جارەیان، بە بەراورد لەگـەڵ نمایشی (دوو پێـغـەمـبـەر) جیـاوازتر بـوو، بەڵام لەلایەکی دیکەوە، دەبێت ئەوەش بڵێین کە ڕۆڵەکانیان بە قـەد ڕۆڵی پاولینا سـالاس ئاڵۆز نەبوو، بۆ ئەوانیش ڕاهێنانەکان لە سەر میزانسێنی ئاماژەکـان و شێوازی ساغکردنەوەی پلاستیکای جەسته ئاسان نەبوو، بەڵام نمایش دوای نمایش توانییـان گەشە بە ستیلی نواندنیان بدەن.

## ئارارات لە کوردستان

مـەرگ و کچ پاش ئەوەی لە شـاری سـتـۆکـهـۆڵـم نمایشکرا، لە شـاری یۆتیـبـۆریش نمایش کـرا، ئەوجـا بیـرۆکـەی ئەوە هاتە ئاراوە نمایشـەکـە بگوازینەوە بۆ کـوردسـتـان، هەمـوو هەوڵێکمـان بۆ نمایشکردنی شانۆگەرییەکە لە ڕێگەی وەزارەتی ڕۆشنبیرییەوە سەری نەگرت، بەڵام پاشـتر خـاتوو مەباهاد قـەرەداخی کە ئەو کـات سەرۆکی دەستگەی یەکسانی بوو لە ئەنجوومـەنی وەزیران، بەهاریکاریی کاک سیروان حسێن گەرمیـانی، ئەرکی میواندارێتی نمایشەکەی بۆ کوردستان گرتە ئەستۆ، بەوەی کـە مـەرگ و کچ لە سلێـمـانی و هەولێـر نمایش بکەین، بەمـەش تیـپی ئارارات بۆ یەکـەم جـار، وەک چالاکـتـرین تیـپی شـانۆیی کـوردی لە هەندەران، پاش نزیکەی بیست ساڵ، توانی شانۆیەکی خۆی لە کوردستان نمایش بکات.

لە هەولێـر شـانۆگـەرییـەکـە سێ جـار نمایش کـرا، لە (سلێمـانی)ش دوو جار، نمایشەکانی سلێمانی لە هۆڵی کـۆمـەڵی هونەر و وێژە، چ لەڕووی هونەرییـەوە، چ لە ڕووی بینەرانەوە، سـەرکـەوتووتر بوون، لە نمایشـەکـانی شاری هەولێر کە لە هۆڵی پەیمانگای هونەرە جوانەکانی ئەو کات پێشەکەش کرا، لە نمایشەکانی هەولێر، لە سەر داوای خـۆم، نمایشـێکمـان بۆ قـوتابیـانی بەشی شـانۆی پەیمانگەی هونەرە جوانەکان تەرخان کرد، وام بەباش زانی نمایشێکی تایبەت بۆ قوتابیانی شانۆ پێشکەش بکەین، چونکە پێم وابوو وردەکاری نواندن، بەو شێوەیەی کارمان لەسەر کردبوو، بەو جۆرەی کە ئەکتەرەکان جێبەجێیان دەکـرد، لەلای قـوتابیـانی شـانۆوە باشـتـر بایەخی پێ دەدرێت و نرخی دەزانرێت، بەڵام بەداخەوە پێشبینییەکەم تەواو پێچەوانە دەرچوو، قوتابییـەکان خراپترین بینەر دەرچوون، تەنانەت بۆ سـاتێک سـەرەوتیـان نەبوو، نەیاندەتوانی تەنانەت بۆ ساتێک بەئارامی و بەهێمنی



**ئارێل دۆرفمان**

دابنیشتن، دروست وەک ئەوەی بە تۆپزی و بەزۆرەملێ هێنرابن بۆ بینینی نمایشەکە، دەنگەدەنگ و قسەکردن لەگەڵ یەکتر بە مۆبایل لەلایەک، هاتوچۆ و جووڵەی زۆر و دەنگی جێگە گۆڕین و کورسی گواستنەوە لەلایەکی ترەوە، ئەوجا هەستان و چوونەدەرەوە، یان هاتنە ژوورەوە، پێکەنین لە شوێنی هەڵە، بێ ئەوەی هیچ ڕێزێک بۆ ئەکتەرەکان لەبەر چاو بگیرێت، هەموو ئەم هەڵسوکەوتانەیان بە بەرچاوی مامۆستاکانیانەوە دەکرد، وەک ئەوەی بەمەبەست بیانەوێ بەو شێوازە ناقۆڵایە ڕەفتار بکەن، لە کاتێکدا مەرگ و کچ لەو نمایشانەیە کە بینەرێکی هۆشیار و بەئاگای دەوێت، بینەرێک کە ئاگایی و زەینی خۆی لە سەر نمایشەکە چڕ بکات، لە کاتی نمایشەکەدا چەند جارێک هەستام چوومە پێشەوە بۆ لای مامۆستاکانیان کە لە ریزی پێشەوە دانیشتبوون، داوام لێ کردن کە قسەیان لەگەڵ بکەن و تازووە هۆڵەکە کۆنترۆڵ بکەن، دەنا نمایشەکە ڕادەگرین، ئەوەبوو مامۆستا تاریق ئاکرەیی هەستایە سەرپێ لە پێشی پێشەوە داوای لە قوتابییەکان کرد ئارام بن، پاشان پێم گوتن: بەداخەوە ئەمە یەکەم جارە بینەری بەم ڕادەیە خراپ ببینم، ئەمانە کە خۆیان قوتابی شانۆن، لەبری ئەوەی وەک ئەکتەر ڕاهێنانیان لە سەر بکرێت، پێویستە جارێ بەر لە هەموو شتێک، وەک بینەر ڕاهێنانیان لە سەر بکرێت.

پاش ئەم نمایشە کە بەتایبەتی بۆ قوتابیانی شانۆ تەرخان کرابوو، بیرم لە کتێبێک دەکردەوە کە هاوڕێم دوکتۆر مستەفا مەشهوور، دەرهێنەر و نووسەر و مامۆستای شانۆ لە لبنان بەناوونیشانی (ئامادەکردنی بینەر) نووسیویەتی، دوکتۆر مەشهوور دەمێک بوو ئەم کتێبەی پێشکەش کردبووم، بەڵام نەپرژابوومە سەر خوێندنەوەی، کە ئەم دیاردە دزێوەم بینی، بیرم لەو کتێبە دەکردەوە، گوتم ئێستا تێدەگەم بۆچی دوکتۆر ئەو کتێبەی نووسیوە.

دەتوانم بڵێم نمایشەکانی سلێمانی باشتر بەرێوە چوون، جارێ لە ڕووی ستەیج و هۆڵەوە، شانۆی کۆمەڵ گەلێک لەبار و گونجاو بوو بۆ نمایشەکەمان، لە ڕووی بینەرانیشەوە، ئەوان بەپێچەوانەوە، بە تاسە و ئارەزوویەکی پڕ لە تین و جۆشوخرۆشەوە بۆ بینینی نمایشەکە هاتبوون، لە شاری سلێمانی بینەرێکی زۆرمان هەبوو، هۆڵی کۆمەڵ بە ڕادەیەک پڕ بوو کە خەڵک هاتبوون، بەڵام بەبێ ئەوەی جێگەیان بەرکەوێت گەڕانەوە.

لە کۆتا نمایشدا، ژمارەیەکی زۆری قوتابیانی بەشی شانۆی پەیمانگە، لەبەر بێ جێگایی لە قاتی سەرەوە وەستابوون، ژمارەیان زۆر بوو، منیش لە خەمی ئەوەی نەبادا لە کاتی نمایشەکە هاتوچۆ بکەن، یان ماندوو بن و بیانەوێ بڕۆنە دەرەوە، پێم گوتن: تکایە بەپێوە مەوەستن، بڕۆنە دەرەوە، گوتیان ئێمە بە پێوە دەوەستین و تەماشای نمایشەکە دەکەین، گوتم: ئاخر سەعاتێک و چل خولەک دەخایەنێت، ماندوو دەبن، گوتیان: کێشەمان نییە، هەرواش بوو، تا کۆتایی نمایش بە پێوە وەستان.